

# تێکەڵەی فراولە و هەنگوین بۆ نەرم کردنی پێست

زۆربەی کچـــان خوازیــــارن دەم و چاویان بە ناسکترین شـــێوە بدرەوشێتەوە، زۆر ناسك و نەرم و نیان بێ، هەندێك لە خانمان هەن کە هەســـت دەکەن رووخساریان جوان نییە، تەنانەت هەندێ جاریـــش خۆیان پێ جـــوان نییە. ئەگەر دەتەوێ رووخسارت جوان و ناسك بێ، هەروەها بۆ ئەوانەی خۆیان پێ جوان نییە، دەتوانن تێکەڵەیەك بەکاربهێنن، تا جوانتریان بکات، کە تێکەڵەیەکە لە فراولە و هەنگوین پێکدێ، سوودی تەواوی هەیە بۆ پێســـتی رووخسار،

**تێکەڵەی فراولە و هەنگوین**

- (٤) تـــا (٥) فراولـــەی تازە پێگەیشتوو بهێنە، جوان بە ئاو پاکی بشۆ، دواتر وشکی بکەوە.
- فراولەکە بخە ناو قاپێکی قووڵ، دواتر وردی بکە بە کەوچکێك تا جوان دەقلیشێتەوە.
- (٢) کەوچەك لە کەرە یان رۆنی زەیتون لە سەر فراولەکە بکە.
- یەك کەوچەکی چـــا هەنگوینی بەسەردا بکە، تا دەبێتە شلە هەویرێك.
- لە رووخسارت بســـوێنە، یان ئەو شـــوێنانەی مەبەســـتە، وەك : دەست، مەچـــەك، قـــۆڵ، مل. تەنانـــەت ئەو تێکەڵەیـــە بۆ هەموو پێســـتی جەســـتە بەســـوودە، زیاتریش خانەی پێســـت نەرم دەکاتەوە. هەوڵبدە بۆ ماوەی (٢٠) خولەك لە شوێنێکی فێنك دانیشە.
- لـــە کۆتاییدا، دەم و چاوت جوان بشـــۆ، یان ئەو شوێنەی تێکەڵەکەت لێ داوە.هەوڵبدە مانگی جارێك و هەفتانە (٣) رۆژ ئەو تێکەڵەیە لە پێستت بدەیت.



# کەڤەر و بەرگ بۆ مۆبایلەکەت هەڵبژێرە

کچان و خانمان، تا چەند شۆخ و شەنگ بن، هێشتا پێویستیان بە کاری جوانن و مۆدەی تازە هەیە. ئەو شەنگە و شۆخیەی کچان زیاتر لە جل و بەرگ، ئێکسسوار، کەرەستە، شتی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر بۆیەش کۆمپانیاکانی بواری دروست کردنی مۆبایل، چەندین بەرگ و کەڤەری جیا جیا بۆ مۆبایلی کچان بەرهەم دەهێنن، کە ئەوە دەرفەتێکە تا کچان مۆبایلەکانیان لە بەرگێك یان کەڤەرێك بپۆشن، ئەوەش دەبێتە جۆرە ئێکسسوارێك، لە پاڵ ئێکسسواری دیکەی کچان کە زۆربەیان لە دەست و مەچەك و مل دەکرێن، هەر کچێك بە حەز و خواستی خۆیەوە جۆرێك لەو بەرگانە بۆ مۆبایلەکەی هەڵدەبژێرێ، تا مۆبایلەکەی جوانتر بێ، هەروەها بە بوونی ئەو بەرگە یان کەڤەرە، مۆبایلەکەی لە کەوتن و تەڕ بوون دەپارێزێت.



**کچە دیزاینەرێکی لوبنانی:**

# باشە دیزاین و فاشن لە زانکۆکانی کوردستاندا بخوێندرێت!

**(ماریا ئەلرەزاق) کچـە دیزاینەرێکی لوبنانییە، لە بواری مۆدە و فاشـندا دەسـت ڕەنگینە، چەندین کاری تازە و جوانی هەیە، بە چەندین بیرۆکە و کاری جوانەوە ڕووی لە کوردسـتان کردووە، دەیەوێ بە بوارەکەی خزمەتی کوردستان بکات، کە کۆمەڵێك شێواز و ستایلێکی جلی جۆراوجۆری دیزاینی کردووە، دەیەوێ بەرهەمە ڕەنگینەکانی لە کوردسـتان بڵاو بکاتەوە، ئێسـتا ئەو خاتوونە لە کوردستان ژیان بەسەر دەبات، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان وتی :**

نیازم وایـە ڕوو لە جلی کوردی بکەم، من تازە گەیشـتوومەتە هەولێـر، بۆیە دەمەوێ لە ئایندەیەکی نزیکـدا بە دڵنیایی جلی کوردی بەرهەم بهێنم. هەروەها دامناوە تێکەڵێك لە نێوان جلی کوردی و جلی لوبنانی بکەم لە شێواز و ڕەنگدا، بە شـێوەیەکی مۆدێرنانە و چەند بیرۆکەیەکی لوبنانی بۆ دەخەمە سـەر، بەبێ ئەوەی شێوە ڕەسەنایەتیەکەی خۆی بشێوێنم، بە ڕای من جلی کوردی لە جلی لوبنانی نزیکە ، بۆیە بیرۆکەم هەیە کە بەبێ دوور کەوتنەوە لە جوانی وردەکارییە جلی کوردی و بە شـێوازیکی سەیر دەریدەخەم، سەبارەت بە دیزاین و شێوازی جل ماریا دەڵێ : پێم باشـە، لە زانکۆکاندا بخوێندرێ،لە لوبنان لە چەندیـن پەیمانگادا دەخوێندرێت، بۆیە خۆزگە لە کوردسـتانیش ئەم کارە بکرێت. هەروەهـا بۆ هونەرمەندان و گۆرانیبێژانیش ئـەو دیزاینەرە گوتی : ئامادەم لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کار بکەم، بەهۆی ئەوەی لە نزیکەوە سەیری مۆدەکانیان دەکەم لەوانەش (دەشنێ موراد و هێلی لۆڤ)، ئەگەر دەرفەت بێ، جل و بەرگی تایبەتیان بۆ دروست دەکەم کە لەگەڵ کلیپەکەیان بگونجێ.



# جاران
# کوڕ و ئێستاش کچە!

کارمن دەڵێ : جاران وێنەی خۆم دەگرت، زۆربەی خەڵك پێیان دەگوتم تۆ زۆر جوانی و ڕووخسارت لە کچ دەچێ. تەنانەت هەندێك جار هەستم دەکرد لە جوانی ڕووخسارمدا کچ بم. ئەوەیە قسەی ئەو نمایشکارەی لە پێشوودا بە ڕەگەز کوڕ بوو و ئێستاش بۆتە کچ. کارمن دوای ئەوەی نەشتەرگەری کرد بۆ گۆڕینی ڕەگەزەکەی، ئێستا کوڕەکەی جاران نییە بۆتە کچێکی شۆخ و شەنگ. (کارمن کارێرا) ئەو خانمەیە لە بواری نمایشدا کار دەکات، پێشتر ناوی (پاوڵ) بووە، ئێستاش کچە، وەك هەر کچێك خۆی جوان دەکات و ماکیاژیش دەکات. کارمن زیاتر دەڵێ : شانازی دەکەم کە کچم، پێم وایە ژیانی کچ خۆشترە لە ژیانی کوڕ، لە پێشوودا کە کوڕ بووم، هەستم بە جوانیی خۆم نەدەکرد، ئێستاش ڕۆژانە گرنگی بە جوانی خۆم دەدەم و هەنگاوێکی چاکیشم هاوێشتووە.



# پێوانی گەنم و جۆ
# لە سەر جۆخینان

ئێستا کاری دروێنە کردن بە دەڕاسەیە، دوای ئەوەی دانەوێڵە وەك گەنم و جۆ لە سەر جۆخینان دادەنرێ کە بە ڕەوسە دەناسرێ، بۆ پاککردنەوەی ڕەوسە لە (کوزر، قەسەل، تۆز،هتد.. بە دوو یان سێ کەس ڕەوسە وەردەگێڕن، کە یەکێکی دیکەش بە گێسك و بێری کوزری ناو گەنم جیا دەکاتەوە، تا گەنمەکە پاك بێت و ئامادە بێت بۆ هاڕین لە ئاش، یان بۆ (بنەتۆ) و هەڵگرتنی تا وەرزی داهاتووی چاندنی دەغڵ و دانی داهاتوو. ئەو کوزرەی جیا دەکرێتەوە، بە دار لێدەدرێ و دانەکەی لێدەردەهێنرێ، پاشان شنەبای دەکەی، لە پاش ئەوە بە بێژنگ و سەرەند و قەربال، کە قەبارەیان هەر یەکە جیاوازە، بێژنگ لە هەردووانی دیکە بچووکترە، هەمان شتیش بۆ کونی ناوەوەی هەر سێکیانە کە لە وردەوە بۆ درشتە، جووتیاران کاری پێوانی گەنم و جۆ دەکەن، پێوانیش بە ڕووبە و تەنەکە دەکرێ، ئەگەر دانەوێڵە کەم بێ، بە ڕووبە کارەکە دەکرێ، ئەگەر خەرمانیش زۆر بێ، بە تەن پێوانەی دەکەن، ڕووبە وەك مەنجەڵێك وایە، جاران لە

# تاجە گوڵینە




ئەمـــەی دەیبینین ڕەنگە یەکەمجار نەبێـت ببینین یـــان هەندێکمان نەمان بینیوە، ئەمە تاجە گوڵینەیە، جاران لـــە وەرزی بەهار و لە پاش پشـــکوتنی گوڵ و بەرز بوونەوەیان لە زەوی لە کاتی ســـەردانی کردنی دەشت و دەردا ئەو کەسانەی سەردانی دەشـــت و دەریان دەکرد یـــان ئەوانەی لە لادێـــکان دەژیان و ژیانیان لـــە ناو گوڵ و گوڵزار بوو، یـــان ئەوانەی لە باخچەکاندا کاریان دەکرد کڵاوی بە گوڵیان بۆ خۆیان یان بۆ خوشك و خێزان و هاوسەرەکانیان دروست دەکرد، وەك دیاریەکی جوان و بە ئاسانی و خێرایی دروست دەکرا، شێوازی دروست کردنی ئەو تاجە گوڵینەیە چەندین شـــێوازی هەیە، یەکێك لەو شـــێوازانە سەرەتا بە شووڵە دار بە شێوەی نزیك لە سەری ئەو کەسەی دەتەوێ بۆی دروست بکەی یان سەری خۆت بە شوولە دار بازنەیەك دروست دەکەی پاشـــان چەندین جۆرە گوڵ کۆدەکەیەوە و لەو بازنە دارەی دەنوســـێنی بە شـــێوەیەك دارەکان دیار نامێنن، یان چەندین گژ و گیایەکی قەد ئەســـتوور وەك قەدی گەنم و جۆ بەکار دێت پاشـــان گوڵەکانی بەســـەردا جێگیر دەکرێ، وا باوە ئەو کەســـەی تاجە گوڵینە بۆ کەسێك دروست دەکات ئەوەی کەی بۆی دروســـت دەکات ئاگای لێنەبێت، واتە بە تەنیا دەچێت بۆ ماوەیەك ئەو کڵاوە دروست دەکات و کە دێتەوە وەك دیاریەکی کت و پڕ لە سەری ئەو کەسەی دەنێت، کە بۆی دروست کردووە یانیش بەیەکەوە دەچن بۆ دروست کردنی تاجە گوڵینە بۆ یەکتر.

# ئۆتۆمبێلێک بڕوانامە وەردەگرێت!

ڕۆژی دەرچوون، وەك ڕۆژێکی خۆشە و ئاواتی هەموو قوتابییەکـــە، کە لەو ڕۆژە هەموویان بە دڵ خۆشـــی و پیرۆزبایی و گۆڕینەوەی دەســـکە گوڵ ماڵئاوایی لە رابردووی خوێندن و پێشوازی لە داهاتووی بە بڕوانامەوە دەکەن، بەڵام لە کوردستان ئۆتۆمبێلیش دەرچێت و بڕوانامە بە دەســـت دەهێنێ. ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێ،کە چۆن ئۆتۆمبێل ئەو کارە بکات. ئەوەتا قوتابییەك لە کۆلێژی دیجلە لە هەولێر، لە ڕۆژی دەرچووندا، ئۆتۆمبێلەکەی رازاندۆتەوە وەك ئەوەی قوتابی بێت، کڵاوی دەرچوونی لە سەر ناوە، لوولە کاغەزێکی گەورەشی کە (بڕوانامەی دەرچوونە) بە پێشـــەوەی ئۆتۆمبێلەکەی قایم کردووە، وەك ئەوەی تازە لـــە کولێژ دەرچووبێت، ئۆتۆمبێلەکەش لە جۆری کلایسلەری ئەمەریکییە، ئەوەی کە بە (ئۆباما) ناسراوە لە نێو خەڵکدا.





دار دروســـت دەکرا، بەڵام ئەوانەی ئێســـتا لە ستیل و مس و ئاســـنە، رووبەیەك گەنم نزیکەی (٩) کیلۆیە، یان ســـووکترە یان گرانترە، ئەوەش بەپێی قەڵەوی و لاوازی گەنم دەوەستێ، ئەگەر بێینە ســـەر یەکەکانی پێوانەکردنی گەنم و جۆ، عەڵبە هەیە، کە عەڵبە (٣٢) رووبەیە، واتە (٨) قەزناخ، دارییە هەیە کە (٢٠) رووبەیە، ئەگـــەر بمانەوێ عەڵبەیەك بپێوین دەبێ، دارییەك و (١٢) رووبە بێت. ئەو کەســـەی کە کاری پێوانەی دانەوێڵـــە دەکات پێیدەگوترێ (کەیار)، لەگەڵ رووبەدا دارێك هەیـــە پێیدەگوترێ (دار رووبە)، دارڕووبەش بۆ داماڵ کردنی گەنمی نـــاو رووبەیە. جووتیار هەندێك لـــە گەنم یان جۆی هەڵدەگرێ بۆ وەرزی داهاتووی تۆکردن پێیدەگوترێ (بنەتۆ)، کە دووبارە زەوییەکەی دەکێڵێتەوە و دانەوێڵەکەی پێوە دەکات. جاران ئەو کارە جیاوازتر بوو کە دانەوێڵە بە هێســـتر و جەنجەڕ دەکوتـــرا و بەم کارەش دەگوترا گێـــرە. دوای گێرە و کوترانی خەرمان، ئینجا شەنەبا دەستی پێ دەکرد.



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم ماوەیە بەهیچ شێوازێك دواناکەوی بەوەی کەجوانیەکەت بەدەر بخەی بەتایبەتی بۆ ئەو کەسەی کە دەمێکە سەرنجتی ڕاکێشاوە، ئاگاداربە زیاد لەپێویست سۆز کارت لێ نەکات.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەکاروبارەکانت بەرەو پێش دەچیت، بەڵام کەمێك ماندوو بوون بەسیماتەوە دیار دەبێت، هەوڵ دەدەی گرفتێکی خۆشەویستی یاخود گرفتێکی هاوڕێکەت چارەسەر بکەی.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ویست و ئارەزووەکانت ئاسانکاریت بۆ دەکەن دەرگای زۆرت بۆدەکەنەوە بۆگەیشتن بەئاواتەکانت و لەبواری سۆزداریەوە ئەوەندە دڵ ڕەق مەبە با دڵت نەبێتە بەرد.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئائێستا گرفتی وروژاندن و سەرنج ڕاکێشان لە بیرتایەو بەشێکی زۆری هۆشتی داگیر کردووی وەك ئەوەی بەخۆت نەبێت و بتەوێت هەموو کاتێك جوانیەکەت بسەلمێنی.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هیچ زەحمەتیەکت نییە لەبواری ئابوورییەوە، بەشێوەیەکی کتوپڕ بیرت بۆئەوە دەبات کە بۆگەشەسەندنێکی فکری بڕۆیت، کەمێکیش هەست بەماندوو بوون دەکەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەپێکەنین و خۆشی پێشوازی لەم مانگە دەکەیت، هەست بەئارامی و خۆشەویستی دەکەیت، بەڵام پێویستە دوور کەویتەوە لە دڵپیسی، ئەگەرنا خۆشەویستیەکەت زۆر ناخایەنێت.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەندێك کەس لۆمەت دەکەت دەکەن کە هۆش و ژیرییەکی زۆرت هەیە، بەڵام ئازاییەکی کەم، هەوڵبدە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنی لەوانەیە کەمێك بێ ئومێد بیت بەڵام زۆر ناخایەنێت.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەم ماوەیە گۆڕنکاریەکان لەبەرژەوەندی تۆدا دەبێت ماوەیەکی بەسوودو بەبەرهەم دەبێت، دوورکەوە لەدڵەڕاوکێی خۆشەویستی، هەواڵێکی خۆشت لەناکاو پێ دەگات.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەزمونێکی خۆشەویستی نوێ بیتەوە، کەدەبێە هۆی سەرهەڵدانی گرفت لەگەڵ خۆشەویستی ئێستادا، هەروەها خەریکی پلان دانانیت بۆئەوەی گەشتێك بکەیت.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پەیوەندی خۆشەویستیەکەت پێویستی بەسۆزو سەرپەرشتی کردن هەیە، لێمەگەڕێ دۆستەکەت ئەوەندە لەچاوەڕوانی تۆدا بێت و لەبیرت نەکات، لەوانەیە ئارامی خۆی لەدەست بدات.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هیچ ئامۆژگاریەك فەرامۆش مەکە کە هاوڕێکەت یان دۆستەکەت پێشکەشت دەکات، تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت، پەیوەندیە سۆزدارییەکەت سەر لەنوێ دەبوژێتەوە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


هەرچەندە مێشکت بە زۆر شت جەنجاڵە لەگەڵ ئەوەش بەبەشی خۆت ڕازیت بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هیچ ترسێکت لەپاشەڕۆژت نییە، هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانت باش بە ئەوان هەمیشە لە پشتی تۆن، باری دارایشت گۆڕانی بەسەردادێت.



# پاڵەوانێتی سەیرترین قژی کچان و کوڕان لەفرانکفۆرت



چەندین جۆرە پێشبڕکێ لە جیهاندا هەن، کە جێگەی تێڕامانن، هەندێکیان جێگەی سەمەرەی خەڵکە، هەندێکی دیکەش پڕ بایەخن لای خەڵك، ئەوەتا لە ئەڵمانیا، سەیرترین پێشبڕکێ کرایەوە لە ژێر ناونیشانی (پاڵەوانێتیی قژی جیهان)، کە لە شاری فرانکفۆرت پێشبڕکێی جوانترین داهێنانی پرچ ئەنجامدرا. بە بەشداری نزیکەی (١٠٠٠) کێبڕکێکاری جیاواز، کە هەر یەکە بە جۆرە ستایلێك بەشداری ئەو پاڵەوانێتییەی کرد، ئەمەو خەڵاتی گرانبەها لەو پێشبڕکێیە دانرابوو تا ئەوەی نازناوەکە وەردەگرێت و خەڵاتەکەشی پێشکەش بکرێ.



## تابلۆ

یەکێکە لە تابلۆ هەرە جوانەکانی وێنەکێشـــی فەڕەنسی (جیان ئوگۆســـت دۆمینیکیۆ)یە، کە لە ساڵی (١٧٨٠) لە دایك بووە و لـــە ســـاڵی (١٨٦٧) کۆچی کـــردووە، تابلۆیەکەی بە ناوی (کۆنتیسە دۆ هۆسۆنڤیللی)یە، باس لە جوانی ئەو کچە دەکات، کە ئەو کاتە لە تەمەنی (١٨) ســـاڵی شـــووی کـــردووە، لەبەر جوانییەکەی چەندین کەسانی دیکە هەر دوای کەوتوون لە دوای شووکردنی بە دیپلۆماتکارێکی ئەو کاتە.



## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا قوتابییەك دەیەوێ بچێتە قوتابخانەکەی، ڕێگەشـــی لێ ون بووە، هەوڵبدە ڕێگەی دروســـتی بۆ دەست نیشان بکەی تا بگاتە قوتابخانەکەی!






## نوکتە

■ منداڵێکـــی هارو هاج، زۆر لە باوکی دەترســـێ، ڕۆژێکیان دەچێتە ســـەر دارێك و یاری دەکات، لە ناکاو دەکەوێت و بەردەبێتەوە دەستێکی بریندار دەبێ، لە خۆیەوە دەڵێ : باش نەبوو نەمردم، ئەگینا باوکم دەیکوشتم !

## زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاســـتی زیرەکیـــت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشـــانە بە پیت پڕ بکەرەوە، کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لـــە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە

- پیتـــی خانەکانـــی (١+٢) کۆ بکەیتـــەوە بە مانای (ژمارەیەکە ئەگەر جارانی خۆی بکەیت دەکات بە سەد)
- پیتـــی خانەکانی (٣+٤+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وێنە بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانـــی (٤+٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (ماددەکە لە ئاسن دروست دەکرێ باریکە)
- پیتـــی خانەکانـــی (٤+٥)کۆ بکەیتـــەوە بە مانای (ژمارەیەك دوای ژمارە ٢٩).



## ئاکامی بێ بەڵێنی

پاشـــایەك لە زســـتاندا بە شەو ڕۆیشـــتە دەرەوە،بە ســـەربازێکی ئێشـــکگری گوت: ســـەرمات نییە؟؟

سەربازەکە گوتی : ڕاهاتووم!

پاشـــاکە گوتی : فەرمان دەکەم جل و بەرگێکی گەرمت بۆ بێنن!

دواتر پاشاکە لە بیری کرد، جل و بەرگی بۆ بنێرێ، بەیانی کە لە خەو هەســـتان بینیان سەربازەکە مردووە و لەســـەر دیوارەکە نووسیویەتی: لەگەڵ ســـەرما ڕاهاتبووم، بەڵام بەڵێنی جـــل و بەرگە گەرمەکەت وێرانی کردم و منی کوشت.



## وتـەی نـاوداران

**- ولیام شکســـپیر لـــە بارەی گەورەییەوە دەڵێ:**

هەمووکەس بایـــی ئەوەندەی خـــۆی گەورەیـــە، هەندێك بە گەورەیـــی لـــە دایـــك دەبن، هەندێکی دیکەش گەورەیی بە دەست دەهێنن، هەندێکی دیکەش بە زۆر خۆیان گەورە دەکەن.